# ئیمان هێنان بەقەزا و قەدەر

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: عبد الله سابیر گەرمیانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الإيمان بالقدر )

« باللغة الكوردية »

إعداد: عبد الله صابر أحمد كرمياني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ئیمان هێنان بەقەزاو قەدەر

**پێناسەی قەدەر:**

بریتیە لە عیلمی خوای گەورە بەشتەکان و نوسینیان پێش ئەوەی ببن، لەسەر ئەو شێوەی کەهەن...ئەمەش خوای گەورە بە عیلمی خۆی و قودرەت و مەشیئەتی خۆی دایناوە. خوای گەورەدەفەرموێت: { إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ } (القمر/٤٩) .

واتە: بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەو نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە .

هەروەها دەفەرموێت: { اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنْثَى وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ } (الرعد/٨) .

واتە: هەموو شتێك لای خوا بەئەندازەیە.

**پلەکانی قەدەر** :

**یەکەم:** ئیمان هێنان بەوەی خوای گەورە عیلمی بەهەموو شتێك هەیە بەداهاتوو و ڕابردوو ، چ ئەو شتانەی پەیوەندی بەکردارەکانی خۆی هەیە چ ئەوانەی پەیوەندی بەکرداری بەندەکان هەیە، وەبەڵگەش لەسەر ئەم پلەیە فەرمودەی خوای گەورەیە:{ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىۡءٍ عَلِيمٌ } (البقرة /٢٨٢) .

واتە: خوای گەورە بە هەموو شتێک زانایە.

**دووەم:** ئیمان هێنان بەوەی هەرچی رووی داوەو ڕووو دەدات خوای گەورە هەموو لەکتێبێکدا نووسیوە بەناوی (لوح المحفوظ) ئەمەش (٥٠) هەزار ساڵ پێش دروست بوونی بوونەوەر (الكون)، خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَكُلُّ شَىۡءٍ فَعَلُوهُ فِى ٱلزُّبُرِ ∗ وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُّسۡتَطَرٌ } (القمر / ٥٢و٥٣ ).

واتە: هەرچی کارو کردەوەیەک کەئەنجامیان داوەلە (لوح المحفوظ) و لەلای فریشتەچاودێرەکان تۆمارکراوە،وە هەرچی وردو درشت هەیە، لەکارو کردەوەیان نووسراوەو تۆمارکراوە .

وەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(( إن أول ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب. قال: ما أكتب؟ قال: اكتب ما هو كائن إلى يوم القيامة)). ابو داود ریوایەتی کردوەبەژمارە: ٤٧٠٠ .

وە خوای گەورە دەفەرموێت: { أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ } (الحج/٧٠) .

واتە: نەتزانیوە کەوا خوای گەورە هەموو شتێك لەئاسمان و زەوی دەزانێت و عیلمی پێ ی هەیە. هەر هەمووی لە(لوح المحفوظ) نووسراوە، ئەمەش لەلای خودا ئاسانە.

**سێهەم:** ئیمان هێنان بەوەی هەرچی روو ئەدات لەبوونەوەردا هەموو لەژێر مەشیئەتی خوای گەورەو قەدەری دایە، لەدروست کردوون وجوولەو مردن و ژیان و..........هتد . بەئیزنی ئەوە، ئەگەر ویستی ئەو لەسەر شتێك نەبی روو ناداتن خوای گەورە دەفەرموێت: { وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ } ( هود:١٢ ٣ ).

واتە: هەموو کارو فەرمانیش هەر بۆ لای ئەو زاتەدەگەڕێتەوە .

وەدەفەرموێت: { كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ } ( آل عمران/٤٧) .

واتە: بەم شێوەیە خوای گەورە ئەوە دروست دەکات کەویستی لەسەرە .

وەدەفەرموێت: { وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ } (البقرة /٢١٣) .

واتە: خودا ئەو کوسە هیدایەت ئەدات کە خۆی ویستی لەسەرە .

وەدەفەرموێت: { وَيَفۡعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ } (ابراهیم: ٣٧) .

واتە: ئەوەی پەروەردگار بیەوێیت هەر ئەوەپێش دێت و دەکرێت.. وەچەندان ئایەتی تر .

**چوارەم:** ئیمان هێنان بەوەی خوای گەورە هەموو بوونەوەری دروست کردوە، بەزاتیان و سیفاتیان و بەجوولەیان و بەکرداریان (بذاتهم وصفاتهم وافعالهم ) .

خوای گەورە دەفەرموێت : { ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ } (الزمر: ٦٢) .

واتە: خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە .

هەروەها دەفەرموێت : { وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ} (الصافات: ٩٦) .

واتە: خوا ئێوەی دروست کردووەوەکردارەکانیشتان .

بەڵام ئێمە کە بەم شێوە وەسفی قەدەر دەکەین ، ئەوەمانای ئەو نی یە کە بەندە هەموو شتێك بەزۆر بەسەری دەسەپێندرێت ، نەخێر بەڵکو خوای گەورە لە مەسەلەی خواپەرستی و

سەرپێچی دا ، ڕێگەی داوە بەبەندە کە خۆی بەویستی خۆی هەڵی بژێرێت ، خوای گەورەخۆی و کردەوەکانیشی دروست کردووە بەڵام ، بەندە خۆی هەڵیدەبژێرێت، خوای گەورە دەربارەی ئەمە دەفەرموێت { فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ } (الكهف/٢٩) .

واتە: جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافرو بێ باوەڕ بێت .

هەروەها دەفەرموێت :{ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا } (الانسان /٣) .

واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێنموويیمان کرد بۆ ڕێگەی ڕاست، بەئازادی دەتوانێت ببێتەکەسایەتیەکی ئیماندارو سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕو خوانەناس.

بەڵام مەشیئەتی بەندەش هەر دەچێتە ژێر ئیزن و مەشیئەتی خوای گەورە، چونکە خودا ویستی هەبووە کەبەندە لەمەسەلەی کوفرو ئیماندا ویستی هەبێ وەك دەفەرموێ: { وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ } (التكوير:٢٩) .

واتە: ویستی ئێوەش نایەتەدێتەدی مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت، (هەرکەس ویستی خێری هەبێت خوای گەورەسەربەرستی لێ زەوت ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەپێش دێت کەویستی خوای لەسەرەو توانای تێگەیشتنمان لەنهێنی و شاراوەکان زۆر سنووردارە).

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەعیلمی باش وکردوەی چاکمان پێ ببەخشێت، وصلی الله وسلم علی نبیه محمد ، وعلى آله وصحبه من المهاجرين والأنصار، ومن تبعهم بإحسان إلى آخر الدهر.


سەرچاوە:

١-بیان ارکان الایمان: عبد الله صالح القصیّر، چاپی یەکەم ١٤١٤ كۆچی، لاپەڕە:٨٣.

٢-ئیمان لەلای ئەهلی سوننەوجەماعە: الیاس محمد،چاپی دووەم، لاپەڕە: ٢١.

٣ - پوختەی تەفسیری قورئان: مەلا محمد مەلا صالح، چاپی سێهەم .

٤-تەفسیری ئاسان : بورهان محمد امین، چاپی چوارەم.